# شیکردنەوەی زمانی مەنەلۆج بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان "مەنەلۆجەکانی سابیر عەبدولڕەحمان بەنموونە"

شادان شوکور صابر[1]

[1] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شیکردنەوەی زمانی مەنەلۆج بە پێی تیۆری کردە قسییەکان ـ مەنەلۆجەکانی سابیر عەبدولڕەحمان بەنموونە) یە. مەنەلۆج بەشێکە لە گۆرانی، بەڵام بەشێکی زۆر کاریگەر و تایبەتە، مەنەلۆج بە مانای ئەو هەستە دێت، کە لەناخی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێت و دەریدەبڕێت جا ئەو هەستە خۆشی بێت، یان ناخۆشی. مەنەلۆج زیاتر بابەتی ڕەخنەگرتن دەگرێتەوە، بۆیە مەنەلۆج ڕێگایەکی زانستییە بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی کۆسپ و تەگەرە و گرفت و خوو ڕەوشتی سلبی لەناو کۆمەڵگادا. مەنەلۆج هەم شیعرە هەم گۆرانی هەم تەمسیلە، بە زمانێکی زۆر سادە و ڕەوان دەنوسرێ و دەگوترێت. زۆرجار دەبێتە وێردی سەر زمانی گەورە و بچوک. مەنەلۆج چەند جۆرێکی هەیە، وەک (مەنەلۆجی کۆمەڵایەتی، مەنەلۆجی سیاسی، مەنەلۆجی ئابوری، مەنەلۆجی کەسی). ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە، کەرەستەی توێژینەوەکەش بریتییە لە مەنەلۆجەکانی (سابیر عەبدولڕەحمان)، چونکە لەناو کورددا تاکە کەسە لەم بوارەدا بەشێوەیەکی هونەری زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش کاری کردوە، مەنەلۆجەکانی تاموچێژی تایبەتی خۆیان هەیە، زمانی جەستەو ئاماژەی زۆرجوان بەکارهێناوە، سودی لە ڕوداو و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا وەرگرتوەو کردویەتییە تێشوی نوسینەکانی و پێشکەشی خەڵکی کردۆتەوە بەشێوەی ئامۆژگاری و وشیارکردنەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ داوایان لێدەکات کە واز لەو دیاردە ناشیرنە بێنن. ئامانجی توێژینەوەکە، گرنگی دانە بەم هونەرە و خستنەڕوی خاسیەت و تایبەتمەندی ئەم بابەتەیە لە زمانی کوردیدا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ، تیۆری کردە قسەییەکاندا. ئەم توێژینەوە هەردو لایەنی زمان و ئەدەبی کوردی بەیەکەوە بەستۆتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** جۆرەکانی مەنەلۆج، زمانی مەنەلۆج، کردەقسییەکان، مەنەلۆجست، مەنەلۆج

## ١. پێشەکی

مەنەلۆج ئامرازێکە بۆ وشیارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە ناو کۆمەڵدا، دەروازەیەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە تاکەکانی کۆمەڵ و پیشاندانی واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوری و ڕۆشنبیری ونەتەوەیی. بۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد، چونکە لەناو زمانی کوردیدا گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە و توێژینەوەی لەبارەیەوە نەکراوە، ئێمە ویستمان گرنگی بەم بابەتە بدەین و ئەم بۆشاییە پڕبکەینەوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریمان پەیڕەو کردووە و بەپێی تیۆری کردەقسەییەکان مەنەلۆجەکانی مەنەلۆجست (سابیر عەبدولڕەحمان)مان شیکردۆتەوە. گیروگرفتی توێژینەوەکە، نەبون و کەمی سەرچاوە و توێژینەوەی زانستی بو بە زمانی کوردی لەبارەی مەنەلۆجەوە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا باسی چەمک و پێناسەی مەنەلۆج، جۆرەکانی مەنەلۆج، مەرجەکانی مەنەلۆج و مەنەلۆجست و مەنەلۆجی کوردیمان کردوە. لەبەشی دووەمیشدا چەند مەنەلۆجێکی هونەرمەندمان هێناوەتەوە و بە پێی تیۆری کردەقسەییەکان لێکدانەوەو شیکردنەوەمان بۆ کردون. لە پاشکۆی توێژینەوەکەش مەنەلۆجەکان خراونەتەڕو.

### ١.١ چەمک و پێناسەی مەنەلۆج:

مەنەلۆج، هونەرێکی گرنگە لەناو هونەرەکاندا، بەهای تایبەتی خۆی هەیە و هونەرێکی تەنز ئامێزی چێژ بەخش و ڕێ نیشاندەرە، چ بەشێوەی شیعر بێت یان گۆرانی و نواندن بێت.

بنچینەی وشەی مۆنۆلۆج (Monologue) کە لەشانۆی کۆنی فەرەنسیدا بەرچاو دەکەوێت، بریتییە لە مۆنۆلۆگ (Monologue) ئەویش (Monos) بە واتای بەتەنیا

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٧ تشرینی یەکەم ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ٢٣ کانوونی یەکەم ٢٠٢٠
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: shadan.shukr@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ شادان شوکور صابر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp91-104

(Logos)یش بە واتای (قسە)دێت، کە بەلێکدراوی بە واتای (قسەکردن بە تەنیا) دێت (AL.Darraji، ٢٠١٥، ٤٩). بۆیە دەتوانین بڵێین مەنەلۆج بریتییە لەقسەکردن لەگەڵ خوددا.

بە عەرەبی پێی دەڵێن (المونولوج، حديث النفس، الخرجات الداخلية، الحوار الداخلي)، لە زمانی کوردیش بەزۆر شێوە گۆدەکرێت وەک: (مەنەلۆج، مەنەلۆژ، مۆنۆلۆج، مۆنۆلۆژ)، (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٤، ٥٦-٥٩).

مەنەلۆج: دیاردەیەکی پێشکەوتوانەی گۆرانی میللییە، جۆرێکە لەجۆرەکانی هەڵچونی هەست و سۆز، دەنگ و زمان و لێکدانەوە و خەونی مرۆڤی هونەرمەند، بەهۆی ئەم بەشەی گۆرانییەوە پێشنیازی چارەسەری زۆر کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و بوارەکانی تری ژیان دەکرێت. (Beth، ١٩٤٧، ٤٢)

مەنەلۆج ئەوەیە کە تۆ قسە لەگەڵ خۆتدا دەکەیت، پاڵەوانێکمان هەیە، کە بەتەنیایە خۆی قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، ئیتر پیرێژنێکە، بێوەژنێکە، کەسێکی شکستە باڵە، گەنجێکی ئاشقە. کە ئەمە یەکێکە لە تەکنیکەکانی دنیای ئەدەب پێی دەڵێن (شەپۆلی هۆش)، (حەسەن، ١٩٩٨). مەنەلۆج بریتییە لە ڕەخنە(تەنز)، کە بەشێوەیەکی مەعقول دەری ببڕی و بەرامبەرت بریندار نەکەی، شتێکی ڕاستەقینەی ئامۆژگارییکارانەیە. مەنەلۆج خۆی جیادەکاتەوە لە گفتوگۆ لەڕێی غیابی وەڵامدانەوەی ئاڵوگۆڕی زارەکی و نەبونی کارەکتەری دووەمدا. سەرەڕای ئەوەی کە مەنەلۆج دەکرێت فۆرمێک بێت، لە دیالۆگ لەنێوان کارەکتەرەکە و ئاگایی(هۆشیاری) یان دەربڕینێکی ڕوحیدا، بەڵام وەڵامەکان لەڕێی بێدەنگییەکانەوە دێت، وشەکان تەنها لەشێوەی پرسیار دەبینرێ لە لایەن کارەکتەرەکانەوە.

### ٢.١ جۆرەکانی مەنەلۆج:

مەنەلۆج بەشێوەی شیعرە یان گۆرانی، یان بە شێوەی نواندنە، وشەکان دەبێت زۆر سادەبن و کۆرس بیانڵێتەوە، چونکە زمانی مەنەلۆج زمانێکی جەماوەرییە هەمو چین و توێژێک دەبێت لێی تێبگا) (Shakespear، ١٩٨٠، ٦٥).

هەموو چینەکانی کۆمەڵگا ئارەزوی بیستنی گۆرانی دەکەن، ژانری گۆرانی لەناخی کۆمەڵ و ژیان و ژان و گوزەرانی خەڵکەوە سەری هەڵداوە، لە ڕاستیدا کۆمەڵگا خۆی خولقێنەری بەشی زۆری گۆرانییە، ئەگەر ئاورێک لە گۆرانی بدەینەوە دەبینین هەمو نەتەوەیەک گۆرانی خۆی هەیە، هەندێکجار لە ڕوی شێوەو زمانەوە جیاوازن، تەنانەت زۆرجار شێوەزاری ئەو گۆرانییە دەبێتە ناسنامەی ئەو ناوچەیە و پێی دەناسرێتەوە، چونکە بەو وشەو زاراوانە دەردەبڕێت، کە لەناوچەکە قسەی پێدەکرێت، بەڵام لە ڕوی ناوەڕۆکەوە زۆرجار لەیەک دەچن (جەمال، ٢٠١٠، ٤).

هۆی پەیدابونی مەنەلۆج لەناو ژانری گۆرانیدا بەندە بە واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانی و سیاسی، مەنەلۆج کارێکی یەکجار کاریگەر و پڕ بایەخە، لە ڕەنگدانەوەی واقیعدا، دەورێکی دیار و مەزنی لە ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە ، کە خۆی لەخۆیدا چەکێکی زاخاودراوی تری گۆرانی و پەیامی هونەرییە بۆ ڕاهێنانی مەبەستەکانی خۆی، کەواتە جۆرەکانی مەنەلۆج بریتین لە:

١. مەنەلۆجی کۆمەڵایەتی: ئەمجۆرە مەنەلۆجە پەیوەندی بە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان و دابونەریت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، مەنەلۆجەکانی سابیر عبدولڕەحمان زیاتر لەمجۆرەن.
٢. مەنەلۆجی سیاسی: ئەمجۆرەیان پەیوەندی بە کەسایەتی و بابەت و ڕوداو و دیاردەی سیاسییەوە هەیە (محەمەد، ٢٠٠٥، ١٨٠).
٣. مەنەلۆجی ئابوری: ئەمجۆرەیان پەیوەندی بەلایەنی ئابوری تاک و وڵاتەوە هەیە.
٤. مەنەلۆجی کەسی: مەنەلۆجی کەسی لێدوانێکە لەگەڵ خود، بەدەنگی بەرز بیرو هزری لەگەڵ خۆی دەدوێت، پێی وایە کەسی دیکە گوێبیستی نابێت جگە لەخۆی، بەڵام دەکرێت بێ ئاگاداری بینەر ببینێت، بۆ نمونە لە کۆمیدیا زۆرجار کارەکتەرێک لەبەردەم ئاوێنە قسەدەکات لەو کاتەدا هاورێیەکی بەنهێنییەوە سەیری دەکات و پێی پێدەکەنێت (Shakespear، ١٩٨٠، ٤٨٩).

هەر سەبارەت بەمجۆرەی مەنەلۆج شێرزاد حەسەن دەڵێت: مەنەلۆج هەیە جاری وایە تۆ لە شەرمی کۆمەڵگا ناتەوێ دەنگ بەرز بکەیەوە. بەڵام جۆرە مەنەلۆجێک هەیە (جێمس جۆیس) پێی بەناوبانگ بو، ئەویش ئەوەیە هیچ شەرم و شکۆیەکت تیادا نامێنێ و پیسترین و ناشیرینترین دانپێدانانەکانی خۆت دەردەبڕیت و ئەو شتانەی لە ناخی خۆت دایە بەبێ شەرم دەیڵێیت (حەسەن، ١٩٩٨).

### ٣.١ مەرجەکانی مەنەلۆج و مەنەلۆجست:

مەنەلۆج چەند مەرجێکی تایبەتی خۆی هەیە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ:

١. شێوازی هەڵبەستەکەی دەبێت زۆر ئاسان بێت، ببێتە وێردی سەر زمانی گەورە و بچوک، پێوستە وتەی سادە و ئاسایی تێدابێت کە خەڵک ڕۆژانە لە ژیانی خۆیدا گوێی لێبێت و بەکاری بهێنێت و هەمو کەسێک بەئاسانی تێی بگات، دوربێت لە فرەواتا خوازە...هتد (میرانی، ٢٠١٠).
٢. ئاواز، ئاوازەکەشی بەهەمان شێوە، دەبێت ئاسان بێت بەجۆرێک هەمو کەس بتوانێت بیڵێتەوە.
٣. مەنەلۆجست پێویستە بەشێوەیەک مەنەلۆجەکە بیڵێتەوە، کە هەندێک نواندنی تێدابێت بەتەواوی بچێتە ناو ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت ئەگەر وێنەی گیرا، تەنانەت ئەگەر بەدەنگیش بێت پێویستە بەشێوازێک بێت کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر گوێگرەوە هەبێت (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٤، ٥٧).
٤. مەنەلۆجست دەبێ دەرونناسێکی بەتوانا بێت، بۆ ئەوەی ئەتواری خەڵک و تەبیعەت و ئەخلاق و فروفێڵی گەورەکان بزانێ، هەروەها شارەزابون لەدەرونناسی سودی بۆ ڕەواندنەوەی ترس و شەرم و گرێی دەرونی لای مەنەلۆجست هەیە ، چونکە زۆرجار مەبەستی مەنەلۆج خۆ بەتاڵکردنەوەیە لەو ئازار و ئەشکەنجە و برکۆژانەی، کە لە منداڵییەوە لەسەر تۆ بازی داوە ئەویش لەئەنجامی پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی (حەسەن، ١٩٩٨).
٥. مەنەلۆج دەبێت مەرجی ئەخلاقی تێدابێت، چونکە مەنەلۆج خۆی لەخۆیدا ئەخلاقە بەتایبەتی بۆ گەنجان و منداڵان ئینجا بۆ پیران (ئێلیوە، ٢٠١٤، ٥). بەتایبەت ئەوانەی ڤیدیۆکلیپیان بۆ کراوەو لەڕێگای تەلەفیزیۆنەوە پەخش دەکرێن، چونکە تەلەفیزیۆن بەبێ سانسۆر بەباش و بەخراپییەوە دەچێتە هەمو ماڵێکەوە، بۆیە پێویستە کارەکان نواندنی جوان و پڕ مانابن. تەنانەت شێوە و جل و بەرگیش بۆ مەنەلۆجست دەبێ جێگای بایەخ بێت.
٦. ئاواز و دەقی هۆنراوەکە بەشێوەی کۆمیدی بریتی بێت لە زمانێکی پەروەردەیی وئامۆژگاریکردن بە ڕێگای گۆرانی و مۆسیقا، چونکە دەقی هۆنراوەکە گوزارشت لە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و...هتد دەکات.
٧. پێویستە مەنەلۆجست شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی جەستە و ئاماژە هەبێت، تا کارەکەی زوتر بگات و پەیامە ئامۆژگاری و پەروەردەییەکەی پێشکەش بەوانەش بکات ئەگەر ئەو زمانە نەزانن، یاخود نابیست بن (عبدولڕەحمان، ١٨/ ٧/ ٢٠١٨). زمان بۆ پەیوەندی کردنە لەگەڵ دەوروبەردا، بێگومان جگە لە زمان، مرۆڤ ڕێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابین کردنی ئەم پەیوەندییە، هەندێ لەم

ڕێگاکیانە لەگەڵ زمانیدا بەکاردێن (وەک بزاوتنی دەست و دەم برۆ...هتد) کە پێیان دەڵێن زمانی جەستە (فەتاح م.، ٢٠١١، ٣٢)

٨. یەکێک لە بنەماکانی تری مەنەلۆج ئەوەیە، کە کورتی و دەست ڕەنگینی پێوە دیاربێت، تا خوێنەر و بینەر توشی بێزاری نەکەن.

**٤.١ مەنەلۆجی کوردی:**

سابیر عبدولرەحمان بە یەکەم هونەرمەندی کورد دادەنرێت، کە بەشێوەی ڤیدیۆکلیپ مەنەلۆجی گوتووە، بۆیە دەڵێن یەکەم کەسە بەشێوەی ڤیدیۆکلیپ مەنەلۆجی گوتووە، چونکە پێش بەرهەمەکانی ئەو هیچ بەرهەمێکی ترمان دەست ناکەوێت کە بەشێوەی ڤیدۆکلیپ تۆمار کرابێت، وەک خۆشی لەچاوپێکەوتنێ (کەناڵی ڕەسەن، بەرنامەی دیداری تایبەت) لەوەڵامی پرسیارێکی لەمشێوەیە دەڵێت:

"سابیر عبدولرەحمان لە وەڵامی پرسیاری (کورد کەی ئەو هونەرەی ناسیوە و پێی ئاشنا بووە؟ دەڵێت: [لە فۆلکلۆری کوردیدا بە هەزاران ساڵ بابەتمان هەبووە وەکو هەڵبەست گوتراوە، بەڵام وەکو مەنەلۆج کە بەشێوەیەکی زانستی جوان پێشکەش کرابێت و هەمو تایبەتمەندییەکانی تێدابێت دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردو و من دەستم پێکرد"، (عەبدولرەحمان، ٢٠١٩).

هەروەها لە وەڵامی پرسیاری (پێش ئێوە لەنێو کورد کەس مەنەلۆجی گوتوە؟) گوتی: کەسێک هەبو ناوی (حەسەن) بو خەڵکی (خانەقین) بوو مەنەلۆجێکی هەبو لەسەر (کرێچیایەتی)، بەڵام تا ساڵانی حەفتاکان تۆماری نەکردبو (عەبدولرەحمان، ٢٠١٩).

(سابیر عەبدولرەحمان) دەیەوێت لە ڕێگای ئەمجۆرە کلیپانەوە خەڵک لە دیاردە ناشیرنەکان وشیاربکاتەوە لەهەمان کاتیش چارەسەر بۆ گرفتەکان دەستنیشان بکات، ئەمەش بۆ ئەوکاتە شتێکی نوێ بو لەناو کوردا. ئەم هونەرمەندە نزیکەی پەنجا ساڵە خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دەکات. بە زمانێکی پاراوی کوردی بەرهەمەکانی دەخاتە ڕو. ئەوانەی لە دوای سابیر عەبدولرەحمان چەند کارێکیان کردوە بە ناوی مەنۆلۆج وەک:

(خەمیس حەسەن و فەرهادو قادر بەشدار و هێدی چنارنەبێ،...). لێرەدا دو نمونە لەم مەنەلۆجانە دەهێنینەوە، مەنەلۆجی یەکەم بەناونیشانی (کاکی شوفێر)ی فەرهاد بە شێوەزاری موکریانیی ناوچەی نەغەدە نوسراوە، مەنەلۆجی دووەم بەناونیشانی (ژنە خراپەکان)ی خەمیس حەسەن بە شێوەزاری سۆرانی ـ ناوچەی هەولێر نوسراوە:

یەکەم: کاکی شۆفێر

شیعر: ناصر اقابر

میوزیک: نەوزاد خطاط

ئەم مەنەلۆجە لەلایەن فەرهادەوە گوتراوە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، (فەرهاد) مەنۆلۆجی زۆرە، بەڵام مەنەلۆجەکانی دوای (سابیر عەبدولرەحمان) گوتوە بەڕای ئێمە فەرهادیش لەژێر کاریگەری مەنەلۆجەکانی سابیر عەبدولرەحمان مەنەلۆجەکانی گوتوە، لێرە دا ئەم نمونەیەمان وەرگرتوە، کە زۆر لە مەنەلۆجی (ئامانە وەی ئامەنە)ی سابیر عەبدولرەحمان نزیکە.

فەرهاد جلێکی پێکەنیناوی و کۆمیدی لەبەرە، پێش دەستپێکردن بە مەنەلۆجەکە دەچێتە ناو پاسێک سەلام دەکات و لەتەک پیاوێک دادەنیشێ و دەڵێت دەچییە کوێ؟ پیاوەکە دەڵێت: دەچم بۆ شار.

فەرهاد دەڵێت لە کوێوە هاتوی؟ پیاوەکە دەڵێت: سێڕای نەغدە.

فەرهاد دەڵێت: بۆ وا نارەحەتی؟ پیاوەکە دەڵێت: جا چۆن نارحەت نەبم، چاوچاو ئەو سەندەلیانەی بوس هەمو نوسراون، پڕکراون بە باسی عیشق و یادگاریا هەرکەسێکیش سەردەکەوێ بندۆز و داشقە و پاچ و بێڵ و قولینگ و گازو...هتد پێیە.

فەرهاد دەڵێت: جا نەزەرت چییە بەو بۆنەیەوە مەنەلۆجەکت بۆ بڵێم، ئەویش دەڵێت فەرمو: جا فەرهاد بە زمانێکی سادە و زمانی جەستە و ئاماژە دەست پێدەکات و دەڵێت:

کاکی شۆفێر پێم بڵێ بۆ کام لا دەچی؟
بۆ خیابانەکەی دانیشگا دەچی؟
بۆ ئەولا دەچی یان ئەولا دەچی؟
ئێمەش هەڵبگرە بۆ هەرلا دەچی
ئای لەو قولیکە کێ لێرەی داناوە؟
لاقم گیری کرد کەوتم لەو ناوە
کاکی شۆفیر دەبڵێ کەی ئەمە کارە
ئێرە ماشێنە یا نێو بازارە
بەبۆنی گاز چوو سەرم لە ژانە
برا مەیهێنە ئەو نێردیوانە
ئێرە ماشێنە یا ساختمانە؟
تۆ دەچی بۆ کار ئێمەش بۆ خانە
کاکی شۆفێر دەبڵێ کەی ئەمە کارە
ئێرە ماشێنە یا نێو بازارە
شەڵوارم پیس بوو کێ خۆی لێداوە؟
ئەم کۆتەشی کە کونکون کراوە
جونپەردەی ئاغای تێ هەڵچەقاوە
کاکی شۆفێر دەبڵێ ئاوا نابێ
ئەوانە بە ماشین جابەجێ نابێ
سعاتێ ڕاوەستام بلیت بسێنم
گەر ماشێن هات بەجێ نەمێنم
لە پێش ئوتوبوس بلیت هەڵدێنم
بێ بلیت سواربوو من جێ دەمێنم
کاکی شۆفێر گیانە دەبڵێ ئاوا نابێ
کاکە وا نابێ، خاڵە وانابێ
ئازیز وانابێ، خوشکێ وانابێ

فەرهاد زمانی جەستە و ئاماژە زۆر جوان بەکاردێنێت، کە دەڵێت (بۆ ئەولا دەچی؟) دەست درێژدەکات بۆ لای ڕاست، یا (ئەولا دەچی؟) دەست درێژدەکات بۆ لای چەپ. یان کە دەڵێت ئای لەو قولیکە... دەست درێژدەکات بۆ کۆلینگەکە، لەگەڵ هەر دەربڕینێک جولەی سەرو دەست و چاو ...بەکاردێنێت.

دەستەواژەی ( ئای، وای، ئاخ، ئۆف...) لەکاتی نارەحەتی و گلیەی و ئازار پێ گەیشتن و سەرسوڕمان، واتە هەستدەربڕین بەکاردێت.

ئەم مەنەلۆجە بە شێوەزاری موکریانی ناوچەی نەغەدە (نەقەدە) نوسراوە، هەروەک دەزانین هەر ناوچەیەک زارو شێوەزاری تایبەتی خۆی هەیە و زۆرجار ئەم شێوەزارە دەبێتە مۆرکێک وەک ناسنامەیەکی لێدێت و خەڵکی ئەو ناوچەیە یا قسەکەری پێ دەناسرێتەوە، ئەم وشانەی ناو ئەم مەنەلۆجەش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، چونکە هەر کاتێک گوێمان لەم وشانە دەبێت دەزانین کە قسەکەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp91-104

کورستانە، (نەزەر، سەندەلی، ئۆتوبوس، خیابان، دانیشگا، قولیگە، گاز، نیردیوان، ماشێن، ساختمان، کۆت، جونپەردە، ...هتد) ئەم وشانە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست شێوەزاری سۆرانی بریتین لە: (ڕا، کورسی، پاسی بچوک ـ نیوپاس، شەقام، زانکۆ، کۆلینگە، غاز، قادرمەی ئیش، سەیارە(ترومبێل-ئۆتۆمبێل)، بینا(باڵەخانە)، چاکەت، سکەی پەردە...هتد).

دووەم: ژنە خراپەکان

گوتنی: خەمیس حەسەن

ژنەکەم دەقیرێنێ

هەی کابرا کابرا کابرا

کراسی لەنگەم قەت ناوێ

هەی کابرا کابرا کابرا

کراس و کەوێم لێت دەوێ

هەی کابرا کابرا کابرا

مەتری بە یەد دینار بێ

تازەیە و بەرکی گەرمە

داوای پێڵاویش دەکا

هەی کابرا کابرا کابرا

بنی مەترێک بڵند بێ

هەی کابرا کابرا کابرا

پشتی بەپولەکە بێ

هەی کابرا کابرا کابرا

نرخی دوویەد دینار بێ

تازەیە و بەرکی گەرمە

هەستام و چوومە کن ژن

هەی حورمێ حورمێ حورمێ

بەس بێ و بەس جلت بوێ

هەی حورمێ حورمێ حورمێ

کراسی ئێستا گرانە

هەی حورمێ حورمێ حورمێ

کراسی لەنگە هەرزانە

لەنگەیەو بەرکی گەرمە (خەمیس، ١٩٩٢)

مەنەلۆجست بە دەست لەسەر ورگ و شای و جلکی کۆمیدیەوە بە شێوەزاری هەولێر مەنەلۆجەکە دەڵێت، ئەم مەنەلۆجە گفتوگۆی نێوان ژن و پیاوە، بەڵام گفتوگۆیەک بە زمانی تەنز، هەڕەشە و ئاگادارکرنەوە و داواکاری و ڕەتکردنەوەی رای یەکتر، مۆرفیمی (هەی) لە دەربڕینەکانی (هەی کابرا کابرا کابرا) و (هەی حورمێ حورمێ حورمێ) وەک جەختکردنەوەو بانگکردن و ئاگادارکردنەوەو هەڕەشە بەرامبەر یەکتر بەکارهاتووە، دوبارەکردنەوەی وشەی (کابرا) سێجار بەمەبەستی جەختکردنەوەیە کە کراس و کەوێ و پێڵاوی تازە مۆدێل و باشی دەوێت و بە جلوبەرگی لەنگە ڕازی نابێت، هەروەها پیاوەکەش کە دەڵێت (هەی حورمێ حورمێ حورمێ) مەبەستی ئاگادارکردنەوەی و جەختکردنەوەیە کە پارەی نییە جلوبەرگی تازەی بۆ بکرێت و پێوستە بە هی لەنگە ڕازی بێت. مۆرفیمی (هەی) هەندێکجار لەپێش جنێودان و دوعالێکردن و نارەزای دەربڕن و ...هتد بەکاردێت، وەک:

ـ هەی سەگباب.

ـ هەی ملت بشکێ باشە.

ـ هەی هاوار لەدەست تو.

## ٢. بەشی دووەم:

لەم بەشەدا زۆر بەکورتی باسی زمانی مەنەلۆجی (سابیر عبدولرەحمان) و تیۆری کردە قسەییەکان دەکەین، دواتر شیکردنەوەو لێکدانەوەی مەنەلۆجەکان دەخەینەڕو:

زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و دەربڕینی ئەو شتەی لەناخی مرۆڤدا هەیە، زمان تەنیا کەرەستەی ناردن و وەرگرتن و لێ تێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا زمان بۆ هەر شوێنێک و دەقێک کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاک و کۆیە. هەروەها زمان ڕەنگدانەوەی کولتور و بەهاکانی کۆمەڵ و هۆکاری مانەوەی ئەم کولتور و بەهایانەشە. زمان و بیرکردنەوە و کردەوەکانی مرۆڤ هەمیشە لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا لە نزیکەوە گرێدراوی یەکتر بون و دەبن (دنستام و خورشید، ٢٠٠٩، ٨) لەپاڵ زمانی دەربڕین زمانی جەستەش ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە بۆ دەربڕی ئەم هەستە و گەیاندنی پەیامەکە، چونکە شێوازو ڕێگەی پێشکەشکردنی هەر کارێک گرنگە، بەتایبەتی کاری هونەری کە لەپێناو بینەردایە، مەبەستی سود و پەیام گەیاندنە پێیان، بۆیە دەبێت بەجۆرێک بێت هەموان لێی تێبگەن و کێشەی تێگەیشتنیان نەبێت، باشترین ڕێگاش بۆ ئەمە زمانی جەستەیە، زمانی جەستە زمانێکی هاوبەشی نێو نەتەوەییە، زمانی جەستە ئاماژە و جوڵە و هێما و ڕەنگ و کاریگەرییە دەنگییەکان، شوێنی وشە و ڕستەکان دەگرنەوە، بەشێوەیەکی باش و بێ گرفت و کەموکوڕی، هەمولایەک لێت تێدەگەن و دەزانن باسی چی دەکەی (عەبولقادر، ٢٠١٨، ١٠٣). هەروەها زمانی مۆسیقاش مەبەستمان ئەو نۆتانەیە کە نوسراونەتەوە زمانێکی تایبەتییان بۆ خوێندنەوە هەیە ، یان کە گوێ لە میوزک دەگرین هەست دەکەین ڕێگایەکە مەنەلۆجی ناوەکی پێ دەردەبڕن مەنەلۆج بەبێ زمانی گوتن و زمانی جەستە و زمانی مۆسیقا وەک لاشەیەکی بێ گیان وایە.

لەبەرئەوەی (سابیر عەبدولرەحمان) بۆخۆی زۆربەی مەنەلۆجەکان نوسیوە جگە لە مەنەلۆجی (حاجی لەق لەق) کە هۆنراوەکەی (فۆلکلۆرە) و مەنەلۆجی (بوک و خەسو) هۆنراوەکەی هی (شێخ عبدوڵای کوری شێخ عبدولکەریم ئۆمەراوەیی)یە، بۆیە زمانی نوسینی شیعرەکان و زمانی گوتنی مەنەلۆجەکان زۆر لێک نزیکە. هەمو مەنەلۆجەکانی جگە لە (یا عین مولیتین) بە زمانی شیرینی کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاست شێوەزاری سۆرانی، ناوچەی هەولێر نوسیوە.

زمانی شیعر ئەو زمانەیە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی زمانەوانی خۆی هەیە، کە پەیڕەوی یاسا زمانییەکان دەکات، ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی، لە هەر سەردەمێکدا بەرگێکی نوێ بە بەر شیعر دادەکرێت، جوانی لەشیعرەکە دەردەخات، ئەو زمانە لەوە دەردەچێت، کە تەنها ئامرازێک بێت بۆ دەربڕین، بەڵکو خۆی دەبێتە داهێنانێکی نوێ و سەردەمیانە (سابیر، ٢٠٠٦، ٢٨٥) زمانی شیعر زمانێکە کە شاعیر بەهۆیەوە دنیا بینی خۆی و ئەزمونی خۆی لە ڕێگەی وشەکانەوە دەردەبڕێت، شاعیر بەپێی هەست و سۆز و درککردنی خۆی وشەکان هەڵدەبژێرێت، بەهۆی ئەو وشانە کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروست دەبێت، هەندەی هێزی وشەکان کاریگەرییەکە هێزی دەبێت، واتە چەند وشەکان پڕ ماناو پەیامیان ڕون و ئاشکراو بەدڵی خوێنەر یا گوێگر بن هێندەش ئەو کاریگەرییە لای بەرامبەر ڕەنگدەداتەوە (عەبدوڵڵا،

٢٠١٧، ٦١٣)،هەر ئەوەشە وای کردووە شیعری هەندێک لە شاعیرەکان لە هزرو ئاوەزماندا بمێنێتەوە، هەندێکی تریان کاتین و بە زیندوی نامێننەوە.

زمانی مەنەلۆجەکانی (سابیر عەبدولڕەحمان)، زمانێکی تایبەتەو شێوازێکی تایبەت بە مەنەلۆجست خۆیەتی، شیعرەکانی کاریگەرن، زمانێکی پڕ چێژو ڕوون و تێگەیشتنیان ئاسانە، چونکە یەکێک لە مەرجەکانی مەنەلۆج ئەوەیە کە دەبێت سادە و ڕون و ئاشکراو ئاسان بێت، خوێنەرو گوێگر زۆر بەتاسەوە دەیانخوێنەوە و گوێیان لێدەگرێت، ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە خوێنەرو بینەر تێیان دەگات و دورن لە ئاڵۆزی و سەرقاڵیکردنی بەرامبەر بەگەڕان بەدوای واتای وشەکاندا، شیعری مەنەلۆجەکانی لەخەڵکەوە بۆ خەڵکە، واتە سود لە ڕوداو و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا وەردەگرێت دەیانکاتە تێشوی نوسینەکانی و پێشکەشی خەڵکی دەکاتەوە بەشێوەی ئامۆژگاری و وشیارکردنەوە، بەشێوەی ناڕاستەخۆ داوایان لێدەکات کە واز لەو دیاردە ناشیرنە بێنن. کاتێک مەنەلۆجەکانی دەبیستین و دەبینین یا کە دەیخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو هونەرمەندە چەندە پڕ زانیارییە، درککردن بە دەوروبەری وای کردووە زۆر وەستایانە یاری بە وشەکان بکات. مەنەلۆجەکانی ڕەنگدانەوەی کولتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کوردییە، چونکە زمان ئاوێنەی کولتورو دابونەریتی کۆمەڵایەتییە، مەنەلۆجەکانی پڕن لە وشەی پەتی زمانی کوردی، وەک: (ئختیار (بەتەمەن)، هەوێداری، ژەنگ و ژار، جامباز، قاپ و قاچاخ، ...هتد).

هونەرمەند ئەوەندە وابەستەی هەولێر و دەشتی هەولێرە، ئەمە بەڕونی لە مەنەلۆجەکانی ڕەنگی داوەتەوە بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی شێوەزاری هەولێر وەک: (کڕ، ئەبلە، ترومبێل، تەرەنتەر، قۆشمە، مار، مندار، گۆتن، سبیانان، نیوڕانان، ...هتد).

## ١.٢ تیۆری کردە قسەییەکان (Speech Acts):

کردە قسەییەکان بوارێکە لەبوارەکانی پراگماتیک، ئەم تیۆرە بە دو بنەماوە بەستراوەتەوە: "یەکەم هەموو گوتنێک بۆ ئەنجامدانی نیاز و مەبەستی قسەکەرە. دووەم وەسفی بارودۆخ، یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتن، بەڵام تاکە ئەرک نییە"، (فەتاح م.، ٢٠١١، ٢٠٧). ئۆستن پێی وابو کەوا کردەی قسەیی ئاماژەکردنە بۆ ئەنجامدانی کارێک و تێبینی ئەوەی کرد، کە زمان تەنها بۆ هەواڵگەیاندن و پرسیارکردن نییە، بەڵکو بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارەکان بەکاردێت (Austin، ١٩٦٢، ٤) هەروەها بە بۆچونی ئۆستن، ئێمە لە واتایی کردارێک ناگەین، هەتا ئەو کردەیە، بەشێوەی کردەوەیەک نەبینین، بۆ نمونە ئەگەر سەیری ڕستەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە بکەین:

ـ سوپاستدەکەم، فریامکەوتی.

دەبینین، لەم ڕستەیەدا لەپاڵ گەیاندنی هەواڵێک کردارێکیش ئەنجامدراوە، چونکە ڕستەکە سوپاسگوزارییە، لەهەمان کاتیشدا، ئەنجامدانی کردارەکەش لەگەڵیدایە، واتە گوتنەکە و کارەکە بەیەکەوە ئەنجامدراوە، ئەم ڕستەیە بەپێی دەوروبەری جیاوازەوە، چەند واتایەک دەگەیەنێت بۆ نمونە ئەگەر خوێندکارێک بە خوێندکارێکی تر بڵێت، ئەوا ئەو واتایانە دەگەیەنێت.

١- یارمەتیداوە لە تاقیکردنەوە، ٢- یارمەتیداوە لەتێگەیشتنی بابەتێک، ٣- ڕاستییەکی زانیوە، بەڵام بە مامۆستا یان بە باوکی نەوتووە، (محەمەد، ٢٠١٢، ٥٣).

بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان دوو جۆر واتا لە ئاخاوتندا هەیە:

١. واتایی ئاشکرا و ڕون: ئەو واتاییە کە لە کەرەسە پێکهێنەرەکانی گوتنەکەوە (واتای سیمانتیکی و سینتاکسی) تێبینی دەکرێت، پێویست بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر ناکات.

٢. واتایی شاراوە: بریتییە لەو جۆرە واتایەی ڕستە و دەربڕینەکان، کە دەوروبەر و بارودۆخی گوتن، ڕۆڵی سەرەکییان لە فەراهەمبونیدا هەیە.

(ئۆستن) پێی وایە قسەکەر لە دواندندا سێ کردە ئەنجامدەدات، واتە بەجێهێنانی هەر کردەیەکی قسەیی بە چەند قۆناغێک تێدەپەڕێت، کاتێک پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕوبەڕو لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت، ئەم قۆناغانەش ئەمانەن:

### ١.١.٢ کردەی گوتن (Locutionary act) :

کردەی دەرهێنانی ڕستەیە بە واتا و ئاماژەوە (فەتاح م.، ٢٠١١، ٢٠٨)، ئەم کردەیە دەتوانرێت بۆ سێ بەش دابەش بکرێت:

أ. کردەی دەنگی: درکاندنی ڕیزە دەنگێکی یەک لەدوای یەک لە زمانێکی دیاریکراودا.

ب. کردەی لێکدان: ئەو بەرهەمە دەنگییە دەگرێتەوە، کە لەئەنجامی لێکدانی دەنگەکان، چەند یەکەیەکی واتادار دروستدەبێت، بەپێی سیستەمی وشەسازی زمانەکە.

ج. کردەی واتایی: مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو یەکە واتادارەیە، کە ڕێکخراوە و لێکدراوە، بەپێی واتا و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەرکەوتووە (مستەفا، ٢٠١٨ ، ٤٧).

- حاجی قادر لە گوندی گۆڕقەرەج لەدایکبووە.

ئەگەر بەپێی ئەم سێ ئاستە شیکردنەوە بۆ ئەم ڕستەیە بکەین دەبینین، هەریەک لە وشەکانی (حاجی قادر، گوند، گۆڕقەرەج، لەدایکبووە) لەچەند ڕیزە دەنگێک پێکهاتون، بەپێی یاسای لێکدانی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا ڕیزکراون، هەریەکە لە وشەکانی (حاجی قادر، گۆڕقەرەج) ناوی تایبەتین و (گوند) ناوی گشتییە، (لەدایکبووە) کردارە.

ئەگەر کەسێکی بیانی ئەم ڕستەیەی سەرەوە ببیستێت، ڕەنگە هیچ زانیارییەک بەدی نەکات و تێی نەگات، بۆیە دەبێت کەسی گوێگریش زانیاری لەسەر کولتور و کەسایەتییە دیارەکان و سیستەمی زمانی ئەو زمانە هەبێت، کە قسەکەر پێی دەدوێت.

### ٢.١.٢ کردەی مەبەست (ILLocutionary Act):

ئەم قۆناغە دیاریکردنی جۆری کردەکەیە و ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر و دەقی گوتنەکە دەیەوێت بیگەیەنێت بە گوێگر، جا (هەڕەشە، ترساندن، ڕاگەیاندن، تۆقاندن، پۆزشهێنانەوە، پەشیمانی یان گەڕانەوە بێت، مەبەستەکەش لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە)، (Yule، ٢٠٠٦، ٨٥) بۆ نمونە:

ـ دەمانچەکە لەسەر پێیە. (واتا بنەڕەتییەکەی هەواڵگەیاندنە، بەڵام مەبەستی قسەکەر و جۆری کردەکە هەڕەشە و ترساندنە).

### ٣.١.٢ کردەی پاشکاری (Perlocutionary Act):

مەبەست لەم کردەیە، ئەو کاریگەرییەیە کە لە ئەنجامی ڕاپەڕاندنی کارەکە لەلایەن گوێگرەوە دروست دەبێت ، وەک (توڕەبون، خۆشحاڵی، بێزاربون...هتد) ئەم قۆناغە لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردا نییە و تایبەتە بە گوێگر، لەم کردەیەدا ئاماژە بەمەبەستی قسەکەر و کاردانەوەی لەسەر گوێگر دەکرێت، ئەم هەڵوێستە دەچێتە دوای قسەکردنەوە، واتای سەرزاری ڕستەکان وەسفین، بەڵام دەوروبەر واتای جیاوازیان پێدەبەخشێت (مستەفا، ٢٠١٨ ، ٤٨) وەک:

ـ ئەم مارە بکوژە. (ئەم گوتنە بۆ ئاگادارکردنەوەی گوێگرە، لە ئەنجامدا گوێگر مارەکە بکوژێت، بەڵام گوێگر لەوانەیە بترسێت و ڕابکات.)

(ئۆستن) لە ئەنجامی شیکردنەوەی واتا و مەبەستە دەربڕاوەکاندا دوو جۆر کرداری جیاکردۆتەوە:

**١. کردەی بەجێهێنان (کردەی قسەیی ئاشکرا) (Performative):**

هەمو ئەو جۆرە گوتن و دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە کردارەکانیان واتای ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی کارێک دەگەیەنن (محەمەد، ٢٠١٢، ٦٧)، واتە ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە لە بەکارهێنانیاندا گوتنەکە کردەوەیەکی تێدا ئەنجامبدرێت، لە زمانی کوردیدا هەندێ زاراوە و دەربڕین هەیە، کە ئاماژە بۆ کردەی بەجێهێنان(ڕاپەڕاندن) دەکات، وەک: (بڕیاردەدەم، سوێنددەخۆم، پەیماندەدەم، بەڵێندەدەم)، جگە لەم دەربڕینانە، ئەرکێکی سەرەکی هەیە، کە قسەکەر ئەنجامی دەدات، واتە پێکهاتەی ڕستەی بەجێهێنان سنورداکراوە (مستەفا، ٢٠١٨ ، ٤٤)، ئەم جۆرە کردەیە چەند تایبەتمەندییەکی لە شێوە و پێکهاتەی ڕستەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت کردەیەکی بەجێهێنان(ڕاپەڕاندن)ی تێدابێت، دەبێت قسەکەر کەسی یەکەم تاک یان کۆ بێت و کردەی قسەییەکە لە کاتی ئێستادا بێت، لە کاتی ڕانەبردودا، ئەمجۆرە کردەیە ڕاستی و ناڕاستی هەڵناگرێت، چونکە ڕستەکانیان وەسفی نین و تەنها نرخیان بۆ دادەنرێت، واتا ڕستەکە بەجێیە یان نابەجێیە.

**٢. کردەی بەجێنەهێنان (کردەی قسەیی نائاشکرا)(Constative):**

لەمجۆرە کردەیەدا شێوە و پێکهاتەی ڕستە بەجۆرێکە کەوا کاری ڕاپەڕاندنی تێدا نییە و مەرج نییە بکەرەکەی کەسی یەکەمی تاک و کۆ بێ و کاتەکەش ئێستا بێت، هەروەها ڕستەکان دەشێ ڕاست و ناڕاست یان بەجێ و نابەجێ بن (فەتاح م.، ٢٠١١، ٢١٠).

لە کردەی بەجێهێناندا پێکهاتەی ڕستە و جۆری ڕستەکە ڕۆڵ لە دیاریکردنی جۆری کارەکە دەبینێت، بۆ ئەم مەبەستەش (ئۆستن) دو جۆر کردەی بەجێهێنانی جیاکردۆتەوە:

أ. بەجێهێنانی ڕاستەوخۆ (کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ):

کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ هەمو ئەو گوتنانە دەگرێتەوە کە کاری ڕاپەڕاندنیان تێدایە وەک پیرۆزبایی و سوێندخواردن و نەفرەتکردن و ...هتد، جگە لەمە دەبێ بکەر کەسی یەکەم بێ و کاتەکەشی ئێستا بێت (تۆفیق، ١٩٩٥، ٤٧).

لەم جۆرەیاندا ڕستەکان لە جۆری هەواڵ و داواکردن و پرسیارین، هەروەها ڕێککەوتن لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردەی قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، بۆ نمونە کاتێک باوکێک داوا لە کوڕەکەی دەکات، کە (کورسییەکەی بۆ بهێنێت)، بەم شێوەیە ئاماژە بە مەبەستەکەی دەکات.

ـ کورسییەکەم بۆ بهێنە. (مەبەستی قسەکەر داواکردنە و جۆری ڕستەکەش داواکردنە)

ب. بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ (کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ):

لەمجۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە (فەتاح م.، ٢٠١١، ٢١١)، واتە ئەم کردەیە کردەیەکی ناڕاستەوخۆیە و لە پارچەکانی ڕستەکەدا بەرچاو ناکەوێت، گوێگر بەپێی ئەو بارودۆخەی کە قسەکەی تێدا دەردەبڕێت وەرگری مەبەستی قسەکەرە، وەک: چایەکە ساردبۆوە. (ئاگادارکردنەوە) ئەم گوتنە ئاگادارکردنەوە ئەنجام دەدات، بەڵام کاری (ئاگادارکردنەوە) لە ناو ڕستەکەدا نییە و هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، کە هونەری (پلار، خوازە، تێلنیشان، درکە...هتد) بەکاردەهێنێت، ئەم جۆرە کردە و گوتنە لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت (تۆفیق، ١٩٩٥، ٥٠).

**٢.٢ شیکردنەوە و لێکدانەوەی مەنەلۆجەکانی سابیر عەبدولڕەحمان:**

لەم توێژینەوەدا (نۆ) مەنەلۆجی هونەرمەند (سابیر عەبدولڕەحمان)مان وەرگرتووە، لێکدانەوەو شیکردنەوەمان بۆ کردوون. (شێخانی) لە ژمارە (٨٠٠٠)ی کوردستانی نوێ دەڵێت (سابیر عەبدولڕەحمان) مەنەلۆجێکیشی بەزمانی عەرەبی هەیە بەناوی (یا عین مولیتین) (شێخانی، ١٩/ ١٠/ ٢٠١٨، ١٢). زۆرمان پێخۆش بو ئەو مەنەلۆجەشیان لەم توێژینەوەیەدا بخستبایەڕو، بەڵام بەداخەوە دەستمان نەکەوت.

هەر(نۆ) مەنەلۆجەکەمان بەتەواو لە (پاشکۆ) نوسوە، بەڵام لێرەدا تەنها چەند دێرێک لە دەقە شیعرەکانی ئەو مەنەلۆجانە وەک نمونە بۆ شیکردوەوە خراوەتەڕو.

**یەکەم: مەنەلۆجی حاجی لەق لەق:**

ئەم مەنەلۆجە لەساڵی ١٩٦٩ بۆ منداڵان گوتراوە، وشە و دەستەواژەکانی ناو ئەو مەنەلۆجە زۆر سادە و بێ گرێ و گۆڵن، منداڵان زۆر بەئاسانی لەبەریان دەکرد و دەیان گوتەوە. ئەم مەنەلۆجە مەنەلۆجێکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەی ئەو مەنەلۆجە بۆ منداڵان گوتراوە، بەڵام باسی دیاردەک دەکات، ئەویش ئەوەیە لەکۆن دایک و خوشک ژێیان بۆ کوڕەکان دەدیتەوە تا بیخوازێ، تەنانەت زۆرجار کوڕە ژنەکەی نەدەدیت تا گواستنەوە، بوک دەبا بەدڵی دایک و باوکی بایە لەجیاتی خۆی، بەڵگەی ئەم قسەیە لەم مەنەلۆجە (هەریارەک من گرتم - تۆ بۆ کوڕەکەی خۆت دەوێ)، زەوتکردنی یارەکەی چەند جارێک لەلایەن دایکی کوڕەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە دوعا لە پیرێژن و کوڕەکەشی بکات:

ڕەبی بە ڕۆژێ بمری

سەگ بتخوا و نەتنێژن

پیرێژن کۆچت کەوێ

کوڕەکەت بەر بۆمبا کەوێ

تەنانەت ئەوەندە بێزارە لە پیرێژن مەرگی خۆشی بە ئاوات دەخوازێ و نایەوێ لە قەبرستانیش قەبرەکەشی لە قەبری پیرێژن نزیک بێت:

ئەرێ مارێ بمگەزێ وەی

ژێر چەنەی با سووربێ

ئەرێ قەبرم لە قەبری

پیرێژن با دوربێ

مۆرفیمی (ئەرێ) لەکاتی زۆر لێبێزار بون بەکاردێت، بۆ نمونە لەکاتێک منداڵ زۆر لە دایکی نزیک دەبێتەوە و بێزاری دەکات، دایک دەڵێت:

ـ لێم بکشێوە. (بێزارکردن)

ـ ئەرێ دەڵێم بکشێوە. (زۆر لێ بێزاربوون).

هەروەها (ئەرێ) بۆ دڵنیابونەوە و گلەی و گازاندەو ناڕەزایی بەکاردێت:

ـ ئەرێ بە ڕاستتە...

ـ ئەرێ ئەویش هەر دەزانێ گلەی بکات خۆی زۆر دێ.

ـ ئەرێ دەباشە بیبڕەوە.

ئەم مەنەلۆجە وەک بەسەرهات و نوکتەیە، خاڵی زەردەخەنە بەخشیش دەکەوێتە ئەم دێرە:

لە ترسی پیرێژن چومە سەر دارێ

بەردی تێگرتم هەریدامە خوارێ

ئەم مەتەڵۆچە بەشێوەزاری سۆرانی ناوچەی هەولێر گوتراوە، بەکارهێنانی شێوەزاری هەولێر بە ڕونی بەو مەتەڵۆچەوە دیارە بەتایبەتی گۆڕینی دەنگی (ح) بە دەنگی (ع) حاجی ـ عاجی.

ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرییە بکەین، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیانندایە:

ـ عاجی لەق لەق مار هات.

ـ ماری زەنگوردار هات.

ـ کاکم بە قەتار هات.

ـ کاکم بە پێیان هات...

بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، شیعرەکە لە ڕوی واتاوە کردەی (ئاگادارکردنەوە، هەستدەربڕین، نارەزای، نیگەرانبون، گلەیکردن) دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ (بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، واتە مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازی لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە.

**دووەم: مەتەڵۆچی بوک و خەسو:**

زمان ڕەنگدانەوەی کولتورو دابونەریتی کۆمەڵگایە، ئەم مەتەڵۆچەش مەتەڵۆچێکی کۆمەڵایەتییە، بەندە بە واقعی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە وەک هەمومان دەزانین، لەناو هەمو کۆمەڵگایەک بەتایبەتیش لەناو کوردەواریدا بەینی بوک و خەسو زۆر باش نییە وەک دەوترێت: دانویان پێکەوە ناکوڵێت. ئەم مەتەڵۆچە باسی چیرۆکی ئەو نەگونجانە دەکات.

جگە لە ڕستەی (کوڕم مەکە پرتە و بۆڵە.) کە لەشێوەی داخوازییە، هەمو ڕستە پێکهێنەرەکانی ئەم مەتەڵۆچە لە شێوەی هەواڵگەیانندان، بەڵام لە ڕوی واتاوە کردەی (هەستدەربڕین، هەڵچون، گلەیکردن، داواکردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن.

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی زمان ئەرکی (هەست دەربڕین)ە، لە ئەرکی هەست دەربڕین قسەکەر هەست و ئارەزوی خۆی دەربارەی خۆی یان دەوروبەری دەردەبڕێت، جا بەشێوەی ئیجابی یان سلبی بێت (فەتاح، خۆشناو، و قادر، ٢٠١٠، ٣٣). لەم مەتەڵۆچەدا بە ڕونی ئەو دو هەستە دیارە:

١. هەستی ئیجابی/ خۆشی: لە دو کۆپلەی یەکەم کە کوڕەکە داوای ژن دەکات، دایکی کوڕە زۆر دڵخۆش دەبێت بەوەی کە کوڕەکەی کاتی ژنیەتی و دەڵێ خوا دەکا تۆ ژن دێنی چ زۆرە ژن زۆرە، ناوی خوای لێدێنن دەچنە داخوازی، کەلوپەلی پێوست حازر دەکەن بەشایی و هەڵپەڕکێ و خۆشی ژن دەگوازنەوە.

کوڕ دەڵێ من ئەممەوێ ژن دایە گیان

کچێک بێتن نازدار و جوان

کوڕم مەکە پرتە و بۆڵە

هەرچەند بڵێی ژن زۆرە

جا بە هەزار ناوی عەلی

ڕێکیان خست کەلوپەلی

ژنی هێنا بەخێرایی

لەبۆ کوڕی گێڕای شایی

٢. هەستی سلبی: دوای ماوەیەک کێشەی نێوان بوک و خەسو دەست پێدەکات، کاتێ دەبینێ بوک درەنگ لەخەو هەڵدەستێ و قاپوقاچاغ لەو ناوە کەوتوەو نەشۆراوە، پرتەو بۆڵە و شەڕو ئاژاوە دەکەوێتە ماڵ، بوک دەڵێ من ماری خۆم دەکەم هیچکەی تاقەتی پرتەو بۆڵەی خەسوم نەماوە. کاکی زاوا دەستێکی دەکەوێتە پێشو دەستێکی دەکەوێتە پاش، چونکە نازانێ دڵی دایکی ڕازی بکات یان هاوسەرەکەی.

تێکچو بەینی بوک و خەسو

بو بە شەڕیان هەر زوبەزو

کابان لەخەو هەڵنەستاوە

قاپ و قاچاغ نەشۆراوە

بوک دەیگۆ من ئەکەم مارم

لەدەست خەسوم زۆر بێزارم

پیشەی خەسوان هەر ئەوهایە

قوڕ بەسەریش بۆ زاوایە

نیوەدێری بەینی کۆپلەکان زیاتر ئەو هەستانە ڕوندەکەنەوە: دەستەواژەی (ئای، ئۆی) لەکاتی نارەحەتی و گلەیی و ئازار پێ گەیشتن و سەرسوڕمان، واتە هەستدەربڕین بەکاردێت. خەسو بێزاری لە بوک، بوک بێزاری لە خەسو، کوڕەش لەدەست شەڕی هەردوکیان.

(ئەرێ هۆ) بۆ ئاماژەکردن و بانگکردن و سەرسورمان و بێزاری بەکاردێت. ئەو (ئەرێ هۆ)یەش وەک، جەخت کردن و دوبارە کردنەوە و جەخت بەکارهاتووە.

پیرێژن پیرێژن ئەرێ پیرێژن!

ئای! زاوا ئۆی زاوا، ئەرێ هۆ زاوا

ئای! بوکێ ئۆی بوکێ، ئەرێ هۆ بوکێ

ئەم مەتەڵۆچە ناڕاستەوخۆ داوا دەکات ڕێز گرنگترین بنەمای خێزانە، پێوستە بوک و خەسو ڕێز لەیەکتر بگرن، وەک داک و کچ پێکەوە بژین واز لەو دیاردە ناشیرینە بێنن کە زۆرجار دەبێتەوە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان.

**سێیەم: کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە:**

ئەم مەتەڵۆچە بووە ناسناوی (سابیر عەبدولڕەحمان)، خۆی لە چاوپێکەوتنی (بەرنامەی مرۆڤە بە ئەزمونەکانی کەناڵی نیشتمانی من) دەڵێت: بە مەتەڵۆچی کاکی شۆفێر ناوبانگم دەرکرد، لە ڕێوبان کە منداڵ دوام دەکەون دەڵێن کاکی شۆفێر زۆر کەیفم پێدێت، ئەم مەتەڵۆچە سێجار تۆمارکراوەتەوە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا تۆمارکراوە بەس دەنگ بو، جاری دووەم هەر لە بەغدا کلیپیان بۆکرد (قەمەرە قالۆچەمان) بڵند کرد و بردمانە ناو ستۆدیۆ و کلیپیان پێکرد، جاری سێیەم لەساڵی ١٩٧٤ بە ماتۆڕ و جلی مرورەوە کلیپیان بۆ کرد (سابیر، ١٦/ ٦/ ٢٠١٩)

ئەگەر سەیری ئەم مەتەڵۆچە بکەین دەبینین ڕێککەوتن لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردەی قسەییەکە(مەبەستەکە)دا نییە، ڕستەکان لە شێوەی (فرماندن – داخوازیین)، بەڵام پێوستە ئێمە ئاگاداری مەبەستی شاراوەی ئەم ڕستانە بین واتە ئەو مەبەستە ناڕاستەخۆیەی کە خۆی پەنهان داوە لەدوای مەبەستە ڕاستەوخۆکەوە، چونکە ئەوەندەی مەبەستی ئامۆژگاری و ڕێنمای و پێشنیازو ئاگادارکردنەوەیە، ئەوەندە مەبەستی فەرمان و داخوازی نییە. (ئێ و ها)ی دوای دێرەکان زیاتر مەبەستەکەیان ڕونکردۆتەوە (ئێ) بۆ ئاگادارکردنەوەیە لەکاتی هەڕەشەو ئامۆژگاریش بەکاردێ، بەتایبەتی (ها) لەکاتی هەڕەشە و ئاگادارکردنەوە زۆر بەکاردێت.

من بۆتۆمە کەیفی خۆتە

بەقسەم بکەی قازانج دەکەی ـ ئێ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp91-104

زۆرجار لە کاتی ئاگادارکردنەوەی کەسێک لەشتەک، کە کردنی مەترسیدارەبۆی، پێیدەڵێت(وا من پێم گوتی تۆش بەقسەم دەکەی ناکەی کەیفی خۆتە).

هەروەها جگە لەوەی (هـا) ئەم فۆرمە بۆ مەبەستی وەڵامدانە و ئاگاداربون بەکاردێت، هەندێکجار دوبارەکردنەوەی فۆرمی (ها، ئەها) لەپێش جێناوە نیشانەکانەوە دەردەبردرێت بۆ مەبەستی دیاریکردنی شتە زۆر دورەکان وەک:

ـ کانێ سەگەکە؟ چی لێهات؟

ـ ئەها ها هۆوەتانێ بەناو دۆرەکەدا غاردەدات (رسول، ٢٠١٩، ٢٣٧).

ئەم مەنەلۆجە مەنەلۆجێکی کۆمەڵایەتییە، مەنەلۆجست باسی بابەتێکی دیاری ناو کۆمەڵگە دەکات ئەویش بابەتی شۆفێرییە، ڕاستە ئۆتۆمبیل بۆ خزمەتی مرۆڤ و سوککردنی باری شانی مرۆڤ دروستکراوە، بەڵام پێویستە شۆفێر پابەندی ڕێنمایەکانی هاتوچۆبێت. چونکە پابەند نەبون بە ڕێنمایەکان مەترسی بۆ سەر گیانی شۆفێر و سەرنشینان و پیادە و دەوروبەر هەیە. مامۆستا سابیر ناڕاستەخۆ دەڵێت شوفێری (ئەخلاقە، هونەرە، حەزە)، ئەگەر هەر یەکێک لەو بنەمایانە ببەزێنی شۆفێرێکی سەرکەوتو نابێت. ڕێنمای شوفێر دەکات لەمەرجی توندوتۆڵی سەیارەکەی و ئاگاداربون لەوەی کەسەیارەکەی بەنزینی تێدایە و پەنچەر نییە، پێویستە شۆفێران ڕوخۆشبن مەغرور و لوتبەرز نەبن. لەم مەنەلۆجە چەند وشەیەکی پەتی زۆر جوانی بەکارهێناوە وەک: (توندوتۆڵ، بەبێ سۆندە (بەبێ هۆ)، شۆفێر، قۆشمە).

**چوارەم: چومە بازار - بازاڕی فرتوفێر:**

ئەم مەنەلۆجە کۆمەڵایەتییە، هونەرمەند بەسەرهاتێک بەشێوەی مەنەلۆج دەگێرێتەوە ، مەنەلۆجست لێرە باسی سێ جۆر دوکاندار (بەزاز و عەتار و قەسابی) کردووە، مەبەستی گلەیی و نارەزایی دەردەبڕینە بەرامبەر ئەو بێزەمبریەی دەیکەن لەکاتی شت فرۆشتن، کە قۆڵی خەڵک دەبڕن، ئەم مەنەلۆجە سێ کۆپلەیە، لە کۆپلەی یەکەم باسی بەزاز دەکات، گوایە مەعمیلی خێزانێی و ئەبلەیەتی لەکاتی کڕینی قوماش دەست بۆ خوا درێژ دەکات کە زیاد لە داواکاری کڕیار قوماشەکە دەبڕێت، گلەیی لەحاجی دەکات گوایە چۆتە ماڵی خوای، کەچی ئامادەیە سوێند لەسەر پارچە قوماشێک بخوات. بەکارهێنانی وشەی (چیت و بازە)، کاتی نوسینی ئەم مەنەلۆجە دیاری دەکات، واتە کاتی نوسینی ئەو مەنەلۆجە هەشتاکانە ئەو کاتە قوماشی چیت و بازە مۆدێل بوو.

لە کۆپلەی دووەم، باسی عەتاران دەکات، (عەزیز) ناوێکی خوازراوە بۆ هەر عەتارێک ڕاستە، کەسیفەتی قۆڵبڕی تێدابێت، مەبەستی نوسەر نیگەرانی و ڕەتکردنەوەی ئەو دیاردەیە، کە شتی خراپ بەنرخی شتی باش دەفرۆشن و دەڵێن پلەیەکە، بێ ئەوەی کڕیار هەست پێ بکات وەک مار پێوەی دەدەن.

کۆپلەی سێیەم:

داد لە دەستی ئەو قەسابە
لە گۆشت کڕین لێی وریابە
هەر ئێسک و بەزە ئەتداتێ
تۆڵەت کا پردی سیراتێ

لەم کۆپلەیە مەبەستی گلەی و بێزاری پیشاندانە بەرامبەر قەسابی قۆڵبڕ، چونکە ئێسک و بەز بە گۆشت دەفرۆشێ. مۆرفیمی (داد، دادو بێداد، ئای...) لەکاتی بێزاری و ڕازی نەبون بە ڕەوشتێک بەکاردێت. بێزاریەکەی ئەوەندە زۆرە گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی کە دوعای لێ بکات و پێی بڵێت:

تۆڵەت کا پردی سیراتێ.

ئەم مەنەلۆجە، لەپاڵ ئەوەی مەبەستی گلەیی و بێزاریی دەربڕینە بەرامبەر دوکانداری خراپ، مەبەستی ئاگادارکردنەوە و وشیارکردنەوەی خەڵکیشە کە باوەڕ بە سوێند خواردنی دوکاندار نەکەن.

باوەڕ مەکەن بەو جۆرانە
سوێندیش بخۆن شتیان گرانە

بەکارهێنانی شێوەزاری هەولێر بە ڕونی بەو مەنەلۆجەوە دیارە بەتایبەتی گۆڕینی دەنگی (ح) بە دەنگی (ع) حاجی ـ عاجی، بە پێچەوانەشەوە گۆڕینی دەنگی(ع) بە دەنگی (ح) عەزیز ـ حەزیز، هەروەها گۆڕینی دەنگی (و) بە دەنگی (ۆ) لە چاوگی گوتن ـ گۆتن.

لەم شیکردنەوەو لێکدانەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێککەوتن لەنێوان جۆری ڕستەکان و مەبەستی ڕستەکان نییە، ڕستەکان هەمویان لەجۆری هەواڵگەیاندنن، جگە لە (باوەڕ مەکەن بەو جۆرانە و لە گۆشت کڕین لێی وریابە.) کە لەشێوەی داخوازین، مەبەستیشی(گلەیی، بێزاری، ئاگادارکردنەوە)یە، بۆیە دەکەوێتە چوارچێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەخۆوە.

**پێنجەم: ئامانە وەی ئامانە:**

ئەگەر سەیری ڕستەکانی ئەم دەقە شیعرییە بکەین دەبینین هەموی لە شێوەی هەواڵگەیاندنن، جگە لە (زوو وەرە، ڕێ مەگرن)کە لەشێوەی داخوازین، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە کردەی (گلەیکردن، نارەزایی، هەڵچون، پێشنیاز و ئامۆژگاری) ئەنجامدەدات، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ (بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبڕدرێن، لەم جۆرەیاندا مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت، واتە لێرەدا شاعیر لە شێوەی هەواڵگەیاندن و داخوازی مەبەستەکانی دەردەبڕێت، کە بە ناڕاستەخۆ گلەیی و نارازی بونە لە هێواش ڕۆیشتنی ئامانە. بەڵام مەدح کردنە لە ڕوی هەرزانی بلیتەوە. فۆرمی (هەی و وەی) لێرەدا بۆ بانگکردن و داواو نارەزایی بەکارهاتووە.

ـ باسی ئەو قەرەباڵغییە دەکات کەلەناو پاسی ئەوکاتدا هەبووە بە بازاڕی پیرەژنانی دەچوێنێ و نارەزایی پیشاندەدات لە بەرامبەر ئەو هەراو هۆسە و ژاوەژاو و شەڕو جوندانی گەر جابی، چونکە پێویستە سەرنشین بێدەنگ دانیشین تا دەگەنە جێی مەبەست.

ـ باسی ژن دەکات کە لەتەک یەک دادەنیشن و لەجیاتی ئەوەی بێدەنگ بن، ئەگەر بوک بن پاشملە باسی خەسو دەکەن، ئەگەر خەسوش بن زەمی بوک دەکەن، هەروەها باسی ئەوە دەکات ئەو کات لەهەر خێزانێک ژمارەی منداڵ زۆر بووە و هەر ژنێک کە سەرکەوتۆتە ناو پاسەکە شەش منداڵی لەگەڵ بووە، بۆ ئەوەی بیتاقەیان بۆ نەبڕێ دوانی لەسەر کۆشی خۆی دادەناو ئەوانی تریش عەزیەتی شان و ملی ئەو کەسانەیان داوە کە لە تەنیشتیان یان پێشیان دانیشتون، منداڵ خۆی لە ئامانە دەهێنایە دەرەوە و ئەگەر جابی بیگوتبایە سەرت بهێنە ژورەوە ئەوا دایکی لەسەر جابییەکە دەیکردە شیرە شیر و هەراوهۆریا، سابیر عەبدولڕەحمان ئەوەندە بە جوانی باسی ئەو دیاردەیەی کردوە، کە دەیخوێنیەوە بێ ئەوەی بیبینیت پێکەنینت دێت.

مەنەلۆجست بە ڕێزەوە و بەناڕاستەخۆ بەسەرنشینان ڕادەگەیێنێت، دروستکردنی ئەو هەراو هۆسەی ناو پاس و زەم و زەم کارییە شتێکی زۆر ناشیرینە، مەبەستی

پێشنیاز و ئامۆژگاری کردنی سەرنشینە، پێویستە ئەتەکێتی ناو پاس پەیڕەو بکەن و نەبنە هۆی بێزاری دەوروبەریان، هەروەها لەسەر دایکەکانیش پێوستە ئامۆژگاری مندالَەکانیان بکەن، کە ئاقڵ دابنیشن و دەوروبەریان بێزار نەکەن.

ـ لەم مەنەلۆجە مەنەلۆجست زۆر بەجوانی نواندن دەکات، لەگەڵ هەر وشەیەک کە دەیڵێ زمانی ئاماژە و جەستەی بەکاردەهێنێت.

**شەشەم: مەنەلۆجی معاش:**

ئەم مەنەلۆجە، زۆر جیاوازە لە چاو مەنەلۆجەکانی تر، چونکە لەم مەنەلۆجەدا سەرەتا بە گۆرانی گوتن دەست پێدەکات، ئینجا قسەکردن، لەهەمو مەنەلۆجەکانی تر بەتایبەتی ئەوانەی کە نواندن و ڤیدۆکلیپیان بۆ کراوە مەنەلۆجست سەرەتا بەقسەکردن دیاردەکەی باسدەکرد، ئینجا بەگۆرانی تا کۆتای مەنەلۆجەکە دەڕۆیشت، لەهەندێک مەنەلۆجیش کۆتای بە قسەکردنێکی پڕ مەبەست و پێشنیاز دەهێنا، لەم مەنەلۆجە کۆتایەکەشی بەگۆرانییە. ئەم مەنەلۆجە لەحەوت کۆپلە پێکهاتووە، کۆپلەیەک نا کۆپلەیەک بە گۆرانییە، واتە ئەم مەنەلۆجە لە چوار کۆپلە گۆرانی و سێ کۆپلە قسە پێکهاتووە.

ـ ئەم مەنەلۆجە کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەم دیسان سیاسییە.

ـ ئەم مەنەلۆجە هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵە، واقیعی ژیانی کەسی موچەخۆر باس دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی موچەیان کەمەو کرێچین باروگوزەرانی ژیانیان خراپە، ئەم مەنەلۆجە لەپاڵ خستنە ڕوی گوزەرانی خەڵکی، زیاتر مەبەستی گلەی و گازاندەیە لە کاربەدەستانی وڵات کە ئاورێک لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی نادەنەوە. هەروەها ڕەتکردنەوەی کلتوری و دابونەریتی دەستەواییە، چونکە کەسەکە ئەگەر هەژاریش بێت ناچارە لە شەرمی ڕوان پیانەوە بچێتەوە هەدیەو دیاریان بۆ بەرێت. هەروەها گلەی لەو کەسانە دەکات کە دەست دەخەنە ژیانی خەڵکییەوە، بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی ئەم مەنەلۆجە زیاتر وشیاکردنەوە و ئامۆژگاریکردنی دەسەڵاتە لە گرنگیدان بە حاڵوگوزەرانی خەڵکی، هەروەها ڕەتکردنەوەی ئەو دیاردە ناشیرنەیە لەلایەن ئەو کەسانەی کە بە ژیان و جلوبەرگ و خواردنی خەڵکییەوە ماندون، ناڕاستەخۆ داوایان لێدەکات واز لەو دیاردە ناشیرنە بێنن، واتە جۆری ڕستەکان و مەبەستی کردە قسیییەکان جیاوازن ئەمەش دەکەوێتە چوارچێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆوە، ڕستەکان هەمویان لەشێوەی هەواڵگەیاندنە، جگە لەو دو ڕستەیەی خوارەوە کە بەشێوەی داخوازین:

ـ ئەو مۆدیلەت بگۆرە.

ـ ئەم جلانەت فرێدە.

مەبەستیش(گلەیی وگازاندە، ڕەتکردنەوە، وشارکردنەوەو ئامۆژگاریکردن).

حەوتەم: هەوێداری- پیاوی دوو ژنە

ئەم مەنەلۆجە مەنەلۆجێکی کۆمەڵایەتییە، باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات ئەویش (هەوێدارییە)، هەمومان دەزانین زۆر کەم ڕێکدەکەوێت کە بەینی هەوێ خۆشبێت و کەیفیان پێکبێت، لەبەینی هەوێیان هەمو کات ناخۆشی و شەڕو هەرایە، چونکە لێک لەهەنجەتن لەسەر بچوکترین شت دەستدەکەن بە هەراو هۆسە، تانانەت هەندێکجار دەگاتە حالەتی لێکدان و دەست لەپرچی یەکتر نان، بەتایبەتی ئەگەر هەردوکیان پێکەوە لەیەک خانی بژین، خۆ ئەگەر هەریەکەشیان لەخانی جیابن و لەیەکتری دوربن ئەوا لەبەر منافەسە تا پیاوەکە نەگەیێنە سەر ساجی عەلی وازناهێن.

ئەم مەنەلۆجە لەپاڵ گێرانەوەی کێشەی نێوان هەوێیەکان دەیەوێت ئامۆژگاری پیاوان بکات دو ژن نێن، وەک دەڵێت:

نسحەتوو کەم دوو ژن مەینن

هەوێداری هەربێ بەینن

هەروەها لە دو دیری کۆتای وەک بەچاو دادانەوە و ڕەخنەگرتن لە پیاو دەڵێت:

مێردی دو ژن ئەوە ژیانە

وات دەزانی زۆر ئاسانە

هەوێداری دەردو ژانە

مەکری ژنان زۆر گرانە

لەم لێکدانەوەو شیکردنەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، ڕستە پێکهێنەکانی دەقەکە لە شێوەی هەواڵگەیاندن و داخوازی دان، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدەن بەدەستەوە، لێرەدا مەبەستی شاعیر لەم پارچە شیعرە لە ڕوی واتاوە کردەی (ڕەخنگرتن، نیگەرانبون و گلەیی، ئامۆژگاری و وشیارکردنەوە، داواکردن)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێهێنانی ناڕاستەوخۆ) دەردەبردرێن، مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە.

**هەشتەم: هەردەم لە ڕێگەی شارم:**

ئەم مەنەلۆجە لە جۆری مەنەلۆجی کۆمەڵایەتییە باسی ئەو ژنانە دەکات، کە هیچ گوێ بە نەبونی و دەستکورتی هاوسەرەکانیان نادەنەن و لەنازو فیزو مۆدیلی و دەعوەت و دەعوەتکاری خۆیان ناکەون، ئەو شتەی داوای دەکەن، ئەگەر بەقەرزیش بێت دەبێت هاوسەرەکانییان بۆیان بکرن، ئەو جۆرە ژنانە ئەوەندەی خەریکی مۆدیلی جلوبەرگی خۆیانن، ئەوەندە گوێ بە دروستکردنی ئەو خواردنانە نادەن کە مێردەکانیان حەزیان لێیە. بۆیە مێردەکەی گلەیی لە ژنەکەی هەیە ناڕازیەو لەو حاڵەی کە بەس نیسک و ماش بخوا، بەکارهێنانی (بۆیە وا بە ئازارم )، (بۆیە) ئامرازی هۆیە، هۆی ئازارەکەی پیشان دەدات، کە ژنەکەیەتی بەهۆی قەرزەوەی کردووە:

هەردەم لەڕێگەی شارم

من قەرداری بازاڕم

بازاڕی نازی گەرمە

بۆیە وا بە ئازارم

چاوەڕوانی مەعاشم

کوشتاری نیسک وماشم

پیاوەکە دادوییدایەتی لە دەستی ژنەکەی، تەنانەت دەگاتە ئەو حالەی کە وەک تکاو پاڕانەوە سوێند بخوا کەئیفلاس و قەلاش بووە، تا ژنەکەی هیچی دیکە قەرداری نەکا و واز لەمۆدێلی شارلستۆن و کەعبل عالی و دەعوەت و دەعوتکاری بێنێت و کراسەکی کوردی جوان لەبەر بکات و نەیخاتە بەردەمی قەرداران.

فاتێ وەڵڵا ئیفلاسم

عەیشێ بیلّلا قەلاشم

(فاتێ و عەیشێ) دو ناوی خوازراون، بۆ هەرژنەک ڕاستە، کە ئەم سیفاتانەیان تێدایە. (وەڵڵا، بیلا) بۆ سوێند خواردن و جەخت و پاڕانەوە و بێزاری بەکارهاتووە.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp91-104

ـ کەعبل عالی و شارلستۆن کات و سەردەمی نوسینی مەنەلۆجەکە پیشان دەدەن، کەساڵانی هەشتاکان نوسراوە، چونکە لە هەشتاکان کەعبل عالی و شارلستۆن مۆدێل بو.

ـ مەنەلۆجست لەپاڵ پیشاندانی حاڵی خراپی پیاو بەدەست ئەو جۆرە ژنانەوە، مەبەستییەتی ئامۆژگاری ئەو جۆرە ژنانە بکات کە بەقەدەر معاش و داهاتی پیاوەکانیان مەسرەف بکەن و ڕێز لە ماندوبونی هاوسەرەکانیان بگرن، چیتر زیادە مەسروفی نەکەن و واز لە مۆدیلات بێنن، ڕستەکان هەمویان لە جۆری هەواڵگەیاندنن. جگە لەم ڕستانەی خوارەوە کە لەشێوەی داخوازین

ـ وەرە سەیری حاڵم کە.
ـ کراسی کوردی لەبەرکە.
ـ بەس دڵم پرکەسەر کە.
ـ مەم خەرە دەم قەرداران.

مەبەستەکانیش لەجۆری (نارەزایی و گلەیی و داوا و پاڕانەوە و ئامۆژگاریکردن)ن، واتە ڕێککەوتنیان لە نێوان شێوەی ڕستەو مەبەستی ڕستەکان نییە، بۆیە دەکەوێتە چوارچێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆوە.

**نۆیەم: داخوازی:**

وەک دەبینین ئەم دەقە لەشێوەی هەواڵگەیاندنە، بەڵام لە ڕوی کردەی قسەییەوە مەبەستی تر دەدات بەدەستەوە، واتە لە ڕوی واتاوە کردەی(گلەییکردن، نارەزایی، داواکردن، قەدەغەکردن، ئامۆژگایکردن وشیارکردنەوە)دەگەیەنێت، کە ئەم کردانەش لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێن، مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر و جیاوازی لەنێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە(مەبەستەکە)دا هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت .

ـ ئەم مەنەلۆجە، مەنەلۆجێکی کۆمەڵایەتییە، چیرۆکی کوڕێک دەگێڕێتەوە، کە دڵی کچێک دەگرێت و بەپێی دابونەریتی کوردەواری دەنێرێتە خوازبێنی، ماڵی کچەش وەک ئەوەی شانەی هەنگوینیان دۆزیبێتەوە لەبن هەنگڵییەوە دەیبڕنەوە، داواکاریان ئەوەندە زۆرە وەک: (حەفسەت دینار، ئەڵقەی ئەڵماس، سی لیرەی زێڕی ڕەشادی، جوکلات، تەلەفیزۆنی سالۆن، تەباغی غازی شەش چاوە، سەلاجەی ئیدیال، سیسەم و مێز تەوالێتی فۆرمیکە، مارەیی پێنج سەد مسقاڵ) هێشتا نارازین وەک ئاگادارکنەوە و هەڕەشە و منەتبارکردن بە زاوا دەڵێن: (نەکەی خۆت بخورێنی ـ بوک دە ئەوەندەت بۆ دێنی).

ـ ئامانجی ئەم مەنەلۆجە، وشیارکردنەوەی ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگایە لەو دیاردە نابەجێیە، پێوستە واز لەم دیاردە بێنن، لە هاوسەرگیری پێویست بەو هەمو کولفەیە ناکات، کەباری شانی کوڕە وا قورس کەی لە ژنهێنان پەشیمانی بکەیتەوە.

توخوا جا چۆن ژن بهێنم ـ لەناو قەرزا خۆم بڕزێنم

## ٣. ئەنجامەکان

١. پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان مەنەلۆج و تیۆری کردەی قسەییدا هەیە، بەتایبەتی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، چونکە مەنەلۆجست بەشێوەی ناڕاستەخۆ مەبەستەکانی خۆی لەڕێگەی ڕستەی هەواڵگەیاندن و داخوازی و پرسەوە بە وەرگر دەگەێنێت.

٢. زۆرترین ئەو کردانە کە مەنۆلۆجست بەکاریهێناوە کردەی ئاگادارکردنەوە، هەستدەربڕین، گلەی، داواو وشیارکردنەوەن.

٣. مەنەلۆجەکانی (سابیر عەبدولڕەحمان) زیاتر لە جۆری مەنەلۆجی کۆمەڵایەتین، جگە لە مەنەلۆجی (معاش) کە ئەم مەنەلۆجەی هەم کۆمەڵایەتییە، هەم ئابوری و هەم سیاسیی.

٤. مەنەلۆج زەمکردن نییە، بەڵکو بابەتێکی ئامانجداری کورتە بە زمانێکی گونجاو ڕونکراوەتەوە، کە ئەم ڕەوشتە ناشیرینە لە کۆمەڵگا پێویستە نەمێنێت و لە هەمان کاتدا دەبێ چارەسەریشی بۆ بدۆزریتەوە،مەنەلۆج پێشەکی و ناوەڕۆک و کۆتایشی هەیە.

٥. زمانی مەنەلۆج سادەیی پێوە دیارە، زۆربەی بینەر و خوێنەر تێی دەگەن، چونکە زمانێکی بێ گرێ و گۆڵە، شاعیر بەزمانێکی سادەو ساکار شیعرەکە دادەڕێژێت، مەنەلۆجستیش بە نواندنێکی جوان ڕونی دەکاتەوە، بۆیە لە زەینی بینەر و خوێنەر دەمێنێتەوە. تەنانەت منداڵانیش حەزی پێدەکەن و ئەزبەری دەکەن و دەیڵێنەوە.

٦. مەنەلۆجست شارەزای دەرونناسی و زمانی جەستە و ئاماژەیە، بۆیە بابەتەکانی کاریگەرن و لەبیرو ئاوەزە دەمێننەوە.

## ٤. لیستی سەرچاوەکان

تۆفیق، قەیس کاکل، ١٩٩٥، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان، هەولێر: نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

جەمال، بەڵێن، ٢٠١٠، ئەوانەی عاشقانە خزمەتی هونەری کوردی دەکەن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٥٣٩.

دزەیی، عەبدوالواحید موشیر ،٢٠١١، زارە کوردییەکان، هەولێر: چاپخانەی پاك.

رسول، صلاح حەویز، ٢٠١٩، هەندێ لەو مۆرك و تایبەتمەنییانەی شێوەزاری کۆیە کە کۆییەکانی پێ دەناسرێنەوە، کۆیە: کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، ژمارە ١٨.

زهران البدراوي، ٢٠٠٨، محاضرات فی علم العام، القاهرة: دارالعالم العربي، ط١.

سابیر، پەرێز، ٢٠٠٦، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، هەولێر: چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

شێخانی، شێرزاد، ٢٠١٨، کاکی شوفێر لەسەرخۆبە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە٨٠٠٠.

صلیوە، هاوژین ،٢٠١٣، کاریکاتێر لە شیعرەکانی موحسین ئاوارەدا، کۆیە: گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٨.

عەبدولڕەحمان سابیر، ٢٠١٤، هونەری، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٩٣٨ .

عەبدوڵڵا، مەهاباد کامیل، ٢٠١٧، کۆزانیاریی زمانی لە شیعرەکانی فەرەیدون عەبدول دا، کۆنفرانسی کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١٣ .

عەبولقادر، کەیفی ئەحمد، ٢٠١٨، شانۆ و شانۆی منداڵان، دەزگای چاپ و بڵاوکنەوەی ئاڵای ڕوناکی، چاپی یەکەم .

فەتاح، محەمەد مەعروف ،٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

فەتاح، محەمەد مەعروف ،٢٠١١، زمانەوانی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم.

محەمەد، عیرفان ئەحمەد، ٢٠٠٥، سینەمای ئێران، ئەزموێکی دەوڵەمەند، پێشکەوتنێکی بەردەوام، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٠٣.

محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٢، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لەڕوانگەی پراگماتیکیەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە -کەلار، زانکۆی سلێمانی.

مستەفا، نەزیرە سابیر ،٢٠١٨، پراگماتیك و شێوازگەری، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

موکری، محەمەد، ١٩٩٩، گۆرانی یا ترانەهای کوردی، و: شوکریە ڕەسول، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

نودنستام، کریستین، ٢٠٠٩، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە و: غازی عەلی خورشید، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

وەیس، غازی فاتح ،١٩٨٤، فۆنەتیك، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی و ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردوستان، چاپی یەکەم.

الوبینز، جون، ٢٠٠٩، اللغة واللغويات، ترجمة محمدالحناني، عمان: دار جديد للنشر والتوزيع، ط١ ـ الاردن.

یوڵ، جۆرج ، ٢٠١٦، مەبەستناسی(پراگماتیک)، و: ڕەحیم سورخی، سلێمانی: چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی.

حەسەن خەمیس ١٩٩٢، مەنەلۆجی ژنە خراپەکەکان، بەرنامەی زووم زووم .

کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕەسەن (١٥ / ٨ / ٢٠١٩)، بەرنامەی دیداری تایبەت لەگەڵ سابیر عەبدولڕەحمان، پێنج شەممە، کاتژمێر (١٠)ی شەو.

کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆیە ، ١٩٩٨، بەرنامەی دیداری تایبەت لەگەڵ شیرزاد حەسەن، دووشەم کات (٩)ی شەو.

کەناڵی تەلەفزیۆنی نیشتمانی من (١٦/ ٦/ ٢٠١٩)، بەرنامەی مرۆڤە بە ئەزمونەکان لەگەڵ سابیر عەبدولڕەحمان، هەینی کات (٩)ی شەو.

کەناڵی ئاسمانی سپێدە (١٨/ ٧/ ٢٠١٨)، بەرنامەی ئەمڕۆی سپێدە، ڕاپۆرتێك دەربارەی هونەرمەند سابیر عبدولڕەحمان، کات (٨)ی بەیانی.

میرانی، چالاك (٢٩/١/ ٢٠١٠)، کۆراز، گۆرانی و مەنەلۆج.

مەڵبەندی گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی (٣/ ٢٠١٩/٩)، خەرمانەی هونەر، هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان وخێزانەکەی.

AL. Darraji, Enas (2015) (PDF) The Monologue in the Dramatic Text and in the Performance: International Conference of Doctoral School for Theater and Performing Arts and the Research Center of The Faculty of Theater at the George Enescu National University of Arts.

Austin, J.L (1962) How to Do Things Words, Oxford University, London.

Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell Publishing: Oxford. 4231.Ina Beth.

Ession (1947) "The Dramatic Monologue ", in PMLA, Vol.62, No.2, Modern Language Association.

L Bauer, Auer (2007), The Linguistics, Students Handbook, Edinburgh University Press.

Shakespear, William (1980) Pinter Staged Monologue", in Theater Journal, Vol. 32, No. 4, The John Hopkins University Press.

Yule, George (2006), The Study of Language, Third Edition, Cambridge University Press.

## پاشکۆ:

**یەکەم: عاجی لەق لەق هۆنراوەی فۆلکلۆر**

عاجی لەق لەق مار هات
ماری ژەنگ و ژار هات
عاجی لەق لەق مار هات
ماری زەنگوردار هات
کاکم بە قەتار هات
عاجی لەق لەق مار هات
کاکم بە پێیان هات
عاجی لەق لەق مار هات
پیرێژن پیرێژن
جامباز و خوێن ڕێژن
ڕەبی بە ڕۆژێ بمری
سەگ بتخوا و نەتنێژن
عاجی لەق لەق مار هات
ماری ژەنگ و ژار هات
کاکم بە قەتار هات
عاجی لەق لەق مار هات
پیرێژن کۆچت کەوێ
کوڕەکەت بەر بۆمبا کەوێ
هەر یارەکی من گرتم
تۆ بۆ کوڕەکەی خۆت دەوێ
عاجی لەق لەق مار هات
ماری ژەنگ و ژار هات
کاکم بە قەتار هات
عاجی لەق لەق مار هات
لە ترسی پیرێژن چومە سەر داری
بەردی تێگرتم هەریدامە خواری
عاجی لەق لەق مار هات
ماری ژەنگ و ژار هات
کاکم بە قەتار هات
عاجی لەق لەق مار هات
ئەرێ ماری بمگەزێ وەی
ژێر چەنەی با سوورێ
ئەرێ قەبرم لە قەبری
پیرێژن با دوربێ

**دووەم: بوک و خەسو هۆنراوە: شێخ عبدوڵای کوری شێخ عبدول کەریم ئۆمەراوەیی**

کوڕ دەڵێ من ئەمەوێ ژن دایە گیان
کچێک بێتن نازدار و جوان
کوڕم مەکە پرتە و بۆڵە
هەرچەند بڵێی ژن زۆرە
پیرێژن پیرێژن ئەرێ پیرێژن!!
جا بە هەزار ناوی عەلی
ڕێکیان خست کەلوپەلی
ژنی هێنا بەخێرایی

لەبۆ کوڕی گێڕای شایی
ئای! زاوا ئۆی زاوا، ئەرێ هۆ زاوا.
تێکچو بەینی بوک و خەسو
بو بە شەڕیان هەر زوبەزوو
کابان لەخەو هەڵنەستاوە
قاپ و قاچاغ نەشۆراوە
ئای! بوکێ ئۆی بوکێ، ئەرێ هۆ بوکێ
بوک دەیگۆ من ئەکەم مارم
لەدەست خەسوم زۆر بێزارم
پیشەی خەسوان هەر ئەوهایە
قوڕ بەسەریش بۆ زاوایە

**سێیەم: کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە**

کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە
لە ڕۆیشتن توندوتۆڵ بە- ئێ
ئاگاداری پێشەخۆبە
زۆر وریابە زۆر چالاکبە- ئێ
سوکان بگری و مەغرور مەبە
لە نەفەران لالوتمەبە هااا
قسەت خۆش بێ و زۆر ڕوخۆشبە
لە ژیانیان ئاگاداربە- ئێ
کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە
لە ڕۆیشتن توندوتۆڵ بە- ئێ
ئاگاداری پێشەخۆبە
زۆر وریابە زۆر چالاکبە- ئێ
لە گەراجدا پێش دەرچونت
سەیری گێچ کە بۆ بەنزینت - ئێ
بۆ پێویستی دڵنیابوونت
لەبیر نەکەی پەنچەر بوونت - ئێ
کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە
لە ڕۆیشتن توندوتۆڵ بە- ئێ
ئاگاداری پێشەخۆبە
زۆر وریابە زۆر چالاکبە- ئێ
گەلێ عەیبە بۆ شوفێران
ڕاوەستاینە لەناوجادان - هااا
لە ڕێگادا بەینی شاران
بەبێ سۆندەش ئیشارەت دان - هااا
کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە.
لە ڕۆیشتن توندوتۆڵ بە- ئێ
ئاگاداری پێشەخۆبە
زۆر وریابە زۆر چالاکبە- ئێ
نەکەی بەقسەی نەفەر بکەی
لە بوکاندا قۆشمە بکەی - هااا
من بۆتۆمە کەیفی خۆتە
بەقسەم بکەی قازانج دەکەی - ئێ
کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە
لە ڕۆیشتن توندوتۆڵ بە- ئێ
ئاگاداری پێشەخۆبە
زۆر وریابە زۆر چالاکبە- ئێ

**چوارەم: چومە بازار - بازاڕی فرتوفێڕ**

سابیر عەبدوڕەحمان پێش دەستپێکردنی مەنەلۆجەکە دەڵێ با ئەمڕۆ هەندەک باسی عاجی و قەساب و عەتاران بکەین، جا دەست پێدەکات و دەڵێت:

چوومە بازاڕ ناو قەیسەری
بکرم شمەک بۆ ئەسمەری
لام دا لەکن مامەی عاجی
بویتە مەعمیل ئەبلەو باجی
ئەو عاجیە خۆی بەزازە
کریم چیت و هەندەک بازە
سوێندی ئەخوارد پەنجە بۆ سەر
گەز دووقیمەت دەخاتە سەر
چوومە بازاڕ ناو قەیسەری
بکرم شمەک بۆ ئەسمەری
لام دا لەکن مامەی عاجی
بویتە مەعمیل ئەبلەو باجی
لەولای عاجی حەزیز عەتار
پێت وە دەدا بە چەشنی مار
چایەی خراپ بەنمرە یەک
دەتفرۆشتێ بە ڕێکوپێک
چوومە بازاڕی ناو قەیسەری
بکرم شمەک بۆ ئەسمەری
لام دا لەکن مامەی عاجی
بویتە مەعمیل ئەبلەو باجی
داد لە دەستی ئەو قەسابە
لە گۆشت کڕین لێی وریابە
هەر ئێسک و بەزە ئەتداتێ
تۆڵەت کا پردی سیراتێ
چوومە بازاڕی ناو قەیسەری
بکرم شمەک بۆ ئەسمەری
لام دا لەکن مامەی عاجی
بویتە مەعمیل ئەبلەو باجی
باوەڕ مەکەن بەو جۆرانە
سوێندیش بخۆن شتیان گرانە

**پێنجەم: ئامانە وەی ئامانە**

وتنی: سابیر عبدالرحمان مۆنتاژ: سیروان مغدید دیبەگەیی

ئامانە وەی ئامانە
زوو وەرە و درەنگمانە
ڕێگاکەم گەلێک دوورە
بیتاقەت زۆر هەرزانە
هەی ئامانە وەی ئامانە
زوو وەرە درەنگمانە
ڕێگاکەم گەلێک دوورە
بیتاقەت زۆر هەرزانە
جێگام نییە دانیشم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp91-104

بازاڕی پیرێژنانە
لە جیاتی کڕ دانیشن
زەمی زاواو بوکانە
لەجیاتی کڕ دانیشن
زەمی بوک و خەسووانە
هەی ئامانە وەی ئامانە
زوو وەرە درەنگمانە
ڕێگاکەم گەلێک دوورە
بێتاقەت زۆر هەرزانە
هەر ئافرەتە و شەش مندار
دوولە باوەش چوار ڕێبوار
پیاوم دەوێ دانیشێ
بەقسەش ئەیکەن قەرزار
هەی ئامانە وەی ئامانە
زوو وەرە درەنگمانە
ڕێگاکەم گەلێک دوورە
بێتاقەت زۆر هەرزانە
داخم لەوەی گرانە
ئەیبینی لە ئامانە
گارە و هەرا و جوندانە
هەمووشی لەگەڵ جابییانە
هەی ئامانە وەی ئامانە
زوو وەرە درەنگمانە
ڕێگاکەم گەلێک دوورە
بێتاقەت زۆر هەرزانە
چونکە ئەڵێ ڕێ مەگرن
عالەم هەمووی درەنگیانە
بێ سەبر و بێ ئارامن
ئەڵێن ئێمە درەنگمانە
سبیانان و نیوڕانان
یا حافیز لەبەر ژنان
وەی شیرە شیری ژنان
هەراو هۆریای منداران
هەی ئامانە وەی ئامانە
زوو وەرە درەنگمانە
ڕێگاکەم گەلێک دوورە
بێتاقەت زۆر هەرزانە

**شەشەم: معاش**

بە گۆرانی دەڵێت:
معاشی چل دینارە
بە عیساب و بە ژمارە
ئێستا عیسابی دەکەین
گشتی مەعلوم و دیارە
بە قسەکردن دەڵێت:
بیست دینار کرێی خانی
چوار دیناریش بۆ نانی
حەقی ئاو و کارەباش
فەرزە بۆ شارەوانی
بە گۆرانی دەڵێت:
پێنج دینار نەفت و ڕۆنە
دینارێکیش سابونە
دوو دیناریش ئامانە
ئەویش بۆ هاتوچۆیە
بە قسەکردن دەڵێت:
قاوەو شەربەت و چوکلێت
تۆ داینێ چەندی دەوێت
دەرێن فستق عادەتە
کاتی میوانی بدرێت
بە گۆرانی دەڵێت:
خۆ عادەتەکیش مایە
پێی دەرێن دەستەوایە
خانی نوێ و حەفتیانە
سێ دینارم دانایە
بە قسەکردن دەڵێت:
جیرانی بێسود زۆرە
حاڵ خۆش و پارە زۆرە
بە کچە هەژاری دەڵێ
ئەو مۆدیلەت بگۆرە
بە گۆرانی دەڵێت:
مۆدیلی تازە جوانە
شارلستۆن و فستانە
ئەم جلانەت فرێدە
کۆنە ئی باپیرانە

**حەوتەم: هەوێداری- پیاوی دوو ژنە**

نسحەتوو کەم دوو ژن مەیێن
هەوێداری هەربێ بەیێن
یەک لە یەکی لەهەنجەتن
هەموو دەمێ هەر خەفەتن
هەمین تورە لوت لەولایە
کوڕی عەیشێ لە کوڕی دایە
عەیشێش بەخۆی لەخوای دەوێ
چونکە گوارەی لۆ نەکڕایە
لەو مارەی شەڕو هەرایە
نەعلە و زیڕە و دایە دایە
دەرێن ئەرێ چ قەومایە
دیسان هەوێ لێکیان دایە
یەک دەرێ دەچمە لای قازی
بەو عارەی قەت نابم ڕازی
مارم دەکەم بەبێ نازی
مار ئی خۆمەم مێردم ڕازی
ژنی گچکە ماری دەوێ
دوو مەسرەفیش پیاوی دەوێ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp91-104

هەردوو ماریش لێکدی دووربی
شەوان سەفاو مەروای دەوێ
مێردی دوو ژن ئەوە ژیانە
وات دەزانی زۆر ئاسانە
هەوێداری دەردو ژانە
مەکری ژنان زۆر گرانە

**هەشتەم: هەردەم لە ڕێگەی شارم**

هەردەم لەڕێگەی شارم
من قەرداری بازاڕم
بازاڕی نازی گەرمە
بۆیە وا بە ئازارم
چاوەڕوانی مەعاشم
کوشتاری نیسک وماشم
فاتێ وەڵڵا ئیفلاسم
عەیشێ بیڵڵا قەلاشم
هەردەم لەڕێگەی شارم
من قەرداری بازاڕم
بازاڕی نازی گەرمە
بۆیە وا بە ئازارم
سیڤینەر کەعبل عالی
بۆ لەنجە و بۆ دەلالی
شارلستۆنیشی دەوێ
بۆ خۆی و بۆ منداڵی
هەردەم لەڕێگەی شارم
من قەرداری بازاڕم
بازاڕی نازی گەرمە
بۆیە وا بە ئازارم
دەعوەت و دەعوەت کاری
هاوار لەدەست قەرداری
وەرە سەیری حاڵم کە
لەبەر قەردی بازاڕی
هەردەم لەڕێگەی شارم
من قەرداری بازاڕم
بازاڕی نازی گەرمە
بۆیە وا بە ئازارم
کراسی کوردی لەبەرکە
بەس دڵم پرکەسەر کە
مەم خەرە دەم قەرداران
یاخود یا ئەمن دەرکە

**نۆیەم: داخوازی**

لەم مەنەلۆجەدا هونەرمەند سەرەتا لەگەڵ مۆسیقا هۆنراوەکە دەخوێنێتەوە، پاشان بە گۆرانی مەنەلۆجەکە دەڵێت:

پیاسەم ئەکرد لەسەر جادە
کچێک هات و خۆی لێم لادا
دڵم گرتی و بۆی شەیدا بووم
تیری جوانی لە دڵی دابووم
هەستام ناردم بۆ داخوازی
لەخۆم ڕادیت بیکەم ڕازی
گوتیان باشە وا ئەیدەینێ
خۆ ڕێک بخا هەر سبەینێ
پیاسەم ئەکرد لەسەر جادە
کچێک هات و خۆی لێم لادا
دڵم گرتی و بۆی شەیدا بووم
تیری جوانی لە دڵی دابووم
حەفت سەت دینار ڕێ بنێرێ
ئەڵقەی ئەڵماس لۆ شلێرێ
سی لیرەی زێڕی ڕەشادی
جوکلات و کاسەی بیلادی
پیاسەم ئەکرد لەسەر جادە
کچێک هات و خۆی لێم لادا
دڵم گرتی و بۆی شەیدا بووم
تیری جوانی لە دڵی دابووم
تەلەفیزۆن با سالۆن بێ
تەباغی غاز شەش چاوە بێ
تەلاجەکەش با ئیدیال بێ
ئاخر مۆدێل تاقمی ماڵ بێ
پیاسەم ئەکرد لەسەر جادە
کچێک هات و خۆی لێم لادا
دڵم گرتی و بۆی شەیدا بووم
تیری جوانی لە دڵی دابووم
بۆ سیسەم و مێز تەوالێت
فۆرمیکەی ڕەش خەتی هەبێت
مارەیشی پێنج سەد مسقاڵ
نەوەک ڕۆژێ بیکا بەتاڵ
پیاسەم ئەکرد لەسەر جادە
کچێک هات و خۆی لێم لادا
دڵم گرتی و بۆی شەیدا بووم
تیری جوانی لە دڵی دابووم
نەکەی خۆت بخورێنی
بوک دە ئەوەندەت بۆ دێنی
توخوا جا چۆن ژن بهێنم
لەناو قەرزا خۆم برزێنم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp91-104